Yaqub Najmadin Co.

بۆ بازرگانی گشتی / سنووردار

Date : / /201
No :

بەروار : / / ٢٠١
ژمارە :

بۆ بەڕێز / بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

ب/ کۆنووسی کۆبوونەوە و راپۆرتی کۆتایی پاکتاوکار

هاوپێچ لەگەل نووسراومان راپۆرتی کۆتایی پاکتاوکار و کۆنووسی کۆبوونەوەی کۆمپانیا کە تیاییدا بوودجەی کۆتایی پاکتاوکردنی کۆمپانیا راپۆرتی کۆتایی پاکتاوکار پەسەند کرایە، وداوا لە بەڕێزتان دەکەین رەزامەندی بفەرموون بە پەسەندکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەی کۆمپانیا و راپۆرتی کۆتایی پاکتاوکار.

لەگەل ڕێزماندا...

پاکتاوکار

Mob: 0750 128 2828
y.n.company@gmail.com

جووت سایدی زانکۆ

بڕیاری کۆبونەوەی دەستەی گشتی کۆمپانیای

[redacted]

بۆ بازرگانی گشتی / تاك

لەسەر داوای پاکتاوکاری کۆمپانیا لە ٢٠١٩/٨/١٣ بە پێی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە ٢١ ی سالی ١٩٩٧ ی هەموارکراو.

دەستەی گشتی کۆمپانیا هەڵسا بە ئەنجام دانی کۆبونەوە لە کات ژمێر (٩ بەیانی) لە رێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٩ لە (نووسینگەی پاکتاوکار لە هەولێر/ گولان) بە سەرۆکایەتی بەڕێز (ئ[redacted]د) کە خاوەنی (١٠٠٪) پشك لە کۆمپانیایە بەمەبەستی گفت وگۆ لەسەر بوودجەی کۆتایی وراپۆرتی کۆتایی پاکتاوکار دەستەی گشتی کۆمپانیا بڕیاری دا لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە:

١. پەسەندکردنی راپۆرتی چاودێری ژمێرکاری وبوودجەی کۆتایی پێش پاکتاوکردن و پاش پاکتاوکردن.
٢. پەسەندکردنی راپۆرتی باکتاوکاری کۆمپانیا.
٣. راسپاردنی پاکتاوکاری کۆمپانیا بۆ پێشکەش کردنی داواکاری بۆ بەڕێز تۆمارکاری کۆمپانیاکان بەمەبەستی سڕینەوەی ناوی کۆمپانیا بەشێوەی کۆتایی.

کە هیچ نەما بۆ گفت و گۆکردن کۆنووسەکەمان واژوو کرد لەخوارەوە.

بەڕێوەبەری دەستەی گشتی کۆمپانیا
وخاوەن کۆمپانیا
[redacted]

بۆ بەڕێز/ بەڕێوبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بابەت/ راپۆرتی کۆتایی پاکتاوکار

- کۆمپانیای ([redacted] **بۆ بازرگانی گشتی / تاک**) دامەزراوە لە پاریزگای هەولێر، دوای کۆنوسی کۆبونەوەی کۆمپانیا کە تایبەتە بە پاکتاو کردنی کومپانیای ٢٠١٩/٥/٢٦، وە پالپشت بە بریاری تۆمارکاری کۆمپانیاکان بە ژمارە ([redacted] لە ٢٠١٩/٥/٢٨ من دامەزرام وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا وە دەستم بە کارەکانی پاکتاوکردنی کرد.
- وەك پاکتاوکار هەڵسام بە دەست بەسەر داگرتنی سەرجەم هەبووەکانی کۆمپانیا وگشت تۆمارەکانی وبەلگەنامەو پەراو و ئەژمارکردنی.
- هەڵسام بەهێنانی ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندی دارەکان بە مەبەستی لاری نەبونیان لەسەر پاکتاوکردنی کۆمپانیای ناوبراو وە لاری نەبونی هەمو ئەولایەنانەمان هێنا کە لەلایەن تۆمارکاری کۆمپانیاکانی نوسراوی بۆ کرابوو.
- ئاگاداری گشت کەس ولایەنەکان کراوە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی خەبات بە ژمارە ([redacted]) لە ٢٠١٩/٦/١٣ وەهەروەها لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوی بە ژمارە ([redacted]) لە ٢٠١٩/٦/١٧ کراوە کە هەرکەسێك یا لایەنێك نارازیە لەسەر پاکتاوکردنی کۆمپانیای ناوبرا یا مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە تا لە ماوەی یاسایی دا سەردانم بکات من وەکو پاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو لە نوسینگەکەم کە دەکەوێتە (هەولێر/گولان) بۆ مەبەستی یەك لایی کردنەوی داوا یەکە یا مافەکەی، دوای تەواو بوونی ماوەی یاسایی هیچ کەس ولایەنەك نەبو وکەس سەردانی نەکردم وبەلکو ئاگاداریش نەکرامەوە.
- میزانییەیی پاکتاوکردن ئامادە کرا لە ریگەی ژمێریاری یاساییەوە.
- هیچ ژمارە حسابێك بەناوی کۆمپانیا لە بانکەکان بەناوی کۆمپانیا نەماوە.
- خەرجیەکانی ماوەی پاکتاوکردن بریتی بون لەکرێی پارەیزەر و پاکتاوکار (١٠٠٠,٠٠٠)دینارە ورسوماتی پاکتاوکردن (١٥٠,٠٠٠)دینار وکرێی خزمەتگوزاری فەرمانگەکانی میری ودانی باج (١.٠٥٠,٠٠٠)دینار وکرێی بلاوکراوەکان (٣٠٠,٠٠٠) دینار ورسومات و کرێی جۆراوجۆر وهی تر (٢٩٠,٠٠٠)دینار گشت ئەو خەرجیانە لەلایەن خاوەنی کۆمپانیا جێ بەجێ کراوە وخەرج کراوە.
- ئەو کەل وپەلانەی لە کۆمپانیا هەبوو بەپێی میزانیەیی لە (٢٠١٩/٥/٢٦) کەبەقیمەتی دەفتەری بردکەی (١,٣٣٦,٥٠٠)دینار ئەویش کە هی سالانی پێشتر بوو دواتر بەهەمان قیمەت وبر لە حسابی اندثارات هی سالی پیش پاکتاوکردن لە هەمان میزانیەیی ٢٠١٩/٥/٢٦ صفر بۆتەوە.
- بری پاری تێچوی دامەزراندنی کۆمپانیا (٧٧٠,٠٠٠)دینار کە لە سەرەتای دامەزراندنەوە لەلایەن خاوەنی کۆمپانیا خەرج کراوە و ناگەڕ[redacted] بۆوە ڕاطفاء کراوە.

- سەرمایەی کۆمپانیا (١,٠٠٠,٠٠٠)دینارە کە لە سەرەتاوە دانراوە و دراوەتەوە زەرەر ولەو بڕە پارەیە کەم کراوەتەوە وەکو لە حیسابی (احتیاطات) ئامارەی بیکراوە کە لە میزانیەی ٢٠١٩/٥/٢٦ هاتووە.
- هیچ بڕە پارەیەک وەک قەرز نەبوو لەسەر کۆمپانیا وەکو لە هەردوو میزانیەی ٢٠١٩/٥/٢٦ و ٢٠١٩/٦/١٦ دیاری کراوە بۆیە ئامارەم پی نەکرد.
- بڕێک پارە لەصندوق ماوەتەوە بڕیتی یە لە (٣٤٨.٠٠٠)دینار و دراوەتەوە خاوەنی کۆمپانیا، وە بڕی (١٩,١٠٢,٠٠٠)دینار کە وەک زەرەر هاتووە لە میزانیە ٢٠١٩/٦/١٦ کەم کراوەتەوە لەو بڕە پارەیەی کە بڕیتی یە لە (١٩.٤٥٠.٠٠٠)دینار کە لە حیسابی (حسابات المساهمين) هاتووە لە میزانیەیی ٢٠١٩/٦/١٦ وئەوەی ماوەتەوە بڕیتی یە لە (٣٤٨.٠٠٠)دینار دراوەتەوە خاوەنی کۆمپانیا، وە بڕی (١.٧٩٥.٠٠٠)دینار خەرجی ماوەی پیش پاکتاوکردنە وەک لە میزانیەیی ٢٠١٩/٥/٢٦ دیاریکراوە.
- هەموو ئەو خەرجیانەی کراوە یا ئەو پارانەی خەرج کراوە لەسەرتای دامەزراندنی کۆمپانیایەوە تا دەرچوونی بڕیاری سرینەوەی ناوی کۆمپانیا لەلایان تۆمارکاری کۆمپانیاکان لەلایان خاوەنی کۆمپانیا دراوە.
- هەر ماف وپابەندبوونێک لەسەر کۆمپانیا مابێتەوە لەسەر ئەستۆی خاوەنی کۆمپانیاکەیە تەنانەت لە دوای سرینەوەی ناوی کۆمپانیاش.
- من (ه[redacted]) پاکتاوکاری کۆمپانیای (**يعقوب نجم الدين سعيد بۆ بازرگانی گشتی / تاك**) کە واژووم لەخوارەوە کردوە دان پێدادەنیم و بەلێن دەدەم بە راست و دروستی کشت زانیاریەکانی کە لەم راپۆرتەم هاتووە، وبەرپرسیار دەبم لە هەر ڕێکاریکی یاسایی دەربچیت لەسەر کۆمپانیای ناوبراو لە دوای سرینەوەی ناوی کۆمپانیا.
- هیچ شتێک لەسەر کۆمپانیا نەماوە وە هیچ مافێکی کەسی سروشتی وکەسی مەعنەوی نەماوە لەسەر کۆمپانیا بۆیە داوا لەبەڕێزتان دەکەم ڕەزامەندی بفەرموون بە پەسندکردن ورەزامەندی دان لەسەر سرینەوەی ناوی کۆمپانیا.

پاکتاوکار

ناو: [redacted]

ناونیشان: [redacted]

مۆبایل: [redacted]